# ئاوەزمەندیی گەنجی وشە

## ( لێكۆڵینەوەیەكی بەراوردكارییانەیە،لە نێوان زمانی كوردی و فارسیدا )

**پ.ی.د.شیلان عومەر حسێن**

**زانكۆی سلێمانی/ سكوڵی زمان/ بەشی كوردیی**

**پێشەكی:**

ئەم لێكۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (ئاوەزمەندیی گەنجی وشە_لێكۆڵینەوەیەكی شیكاریی بەراوردكاریی ناوە لە زمانی كوردیو فارسیدا_)، مەبەستێتی ئەركی زمان وەك كردەیەك بۆ پەیوەندیگرتنو لێهاتوویی كەناڵی پەیوەندیی– لەیەكگەیشتنو هۆكاری ئاڵوگۆڕی زانیارییو دەربڕی بیرو بیركردنەوەو كۆزانیاریو لۆژیكو تێڕوانینو دنیابینیو ئاوەزداریی بەگشتی پەسنبكات، بەوەی زمان لە دوو پێڕەوی تێكچڕژاوی تەواوكەری یەكتر پێكهاتووە، پێڕەوی هێمایی زمان، وشەكان دەینوێنن بەرجەستەی دەكەن، بۆ تێگەیشتن لە واتای وشەیەك پێویستمان بە لێكدانەوەی واتای فەرهەنگیو واتای ئینسكلۆپیدیایی/ دانشنامەییە بۆ كۆنكرێتكردنو دەربڕینی كرۆكی وشەكان، كە بە پێڕەوی بیریی دیاریكراون، دەبێت. بە واتای ئەوەی ناوەڕۆكی هەر یەكەی فەرهەنگی/گەنجی وشە، كۆگەو گەنجینەی جۆری بیرو هەستو دنیابینیو ئەزموونو پەیبردنو دركردنودابونەریتو شارستانێتییوژیاریو...تاد،یە، زادەی تەمەنو ئەزموونو ژیاریی نەتەوەو گروپو خودی مرۆڤەكانیشی تێدا پارێزراوە، بۆ دەستنیشانكردنی ئەم كۆزانینانە_ كە بە كۆزانیاریی ئینسكلۆپیدیایی ناوبراون_ لەپێڕەوی هێمایی زماندا، بۆ هەڵگواستنو بەرجەستەكردنی پێڕەوی بیریی لە ڕێی یەكەزمانییەكانەوە، تیۆری سیمانتیكی دركردن بۆ شیكردنەوەی بەشەئاخاوتنی ناو، كە پۆلێكی كراوەی سەرەكیە، لە نێوان زمانی كوردیو فارسیدا لەم لێكۆڵینەویەدا پەیڕەوكراوە. ئەویش بە خستنەڕووی چۆنێتی دركردنی زمانو لەویشەو پەسنكردنی وشەو واتایو نموونە هێنانەوەو بەراووردكردنیان لە نێوان هەردوو زمانی دیاریكراودا كارەكیكراوە.

**١/١) زمان و دركردن**

بابەتی زمان بەگشتیو یەكەیەكی وەك وشە بەتایبەتی، یەكێكن لەو بابەتە سركو ئاڵۆزو تێكچڕژاوانەی، پەنهانیو بەرفراوانیو لەهەمانكاتیشدا كارایی زۆریان هەیە، كە وایانكردووە جگە لە خودی زانستی زمان بوونەتە بابەتو یەكەی مشتومڕو لێكۆڵینەوەی زانستەكانی تری وەك (دەروونزانی، كۆمەڵناسی، ئەنسرۆپۆلۆژی، فەلسەفە، زانستی نوژداری...تاد)، بۆ ڕوونكردنەوەی پەنهانییەكانیانو سنورداركردنی بەرفراوانیەكانیانو سانایی تێكچڕژاوییان، زانایانو لێكۆڵەرانی چ بواری خودی زانستی زمانو چ بوارەكانی تر، تیۆرو ڕێبازو گریمانەی هەمەچەشنەیان بۆ شیكردنەوەو شرۆڤەكردنی ئاریشەكانی هێناوەتە ئاراوە، تاوەكو بتوانن خودی وشەو لەویشەوە زمانو ڕەنگدانەوەكانی بەسەر زانستەكانی تردا پەسنبكەن.

زانستی زمانی درککردن (Cognitive Linguistics)، یەکێکە لەو تیۆرە نوێیانەی بە دیدێکی نوێو میتۆدی نوێ لە پەیوەندیی نێوان زمانو ئاوەزداری مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، هەردوو بابەتی زمانو درککردن دوو جوتەی ئاڵوگۆڕکەی ئاڵۆزی دانەبڕاون لەیەکتر، بەوەی زمان "پێڕەوێکی ژێریی ئاڵۆزەو ئامێری گوزارشتکردنو بیرکردنەوەیە"(١)، یاخود "کردەیەکە، ڕووکارێکی کارای چالاکی مرۆییە، شێوەیەکە لە شێوەکانی پەیوەندیگرتنو پێڕاگەیاندنو بۆ ڕێکخستنو بە پرۆسەکردنو گواستنەوەی زانیاری بەکاردەهێنرێت، وردتر زمان وەرگرتنی کۆزانیارییە ئەویش بە کردەکانی (درککردن، ئاگایی، ئەزمون، بەرجەستەکردن،...تاد، دەبێت"(٢). زمان هەڵگرو گوێزەرەوەی هەموو زانیارییە کلتورییە ئاڵۆزەکانە، زمان وروژێنەرو بەگەڕخەرو ئاڕاستەکاری هەریەك لە کردەکانی درککردنو ئاوەزداریی مرۆڤە بەگشتی، لەمەوەیە زمان بە وزەو هێزێکی کاریگەر، چالاکیو خستنەکار، دیاریکراوەو فۆڕمی ناوەوەی ئەو هێزەش ئەو هێزەش (جۆری بیرو شێوەی بیرکردنەوە) دادەڕێژێتو دەنوێنێتو لەم ناوەڕۆکانەدا کۆکراونەتەوە(٣):

١. بینینو تێگەیشتن لە دنیاو سروشتو گەوهەری مرۆڤ (جۆری بیر لەگەڵ بڕوا).
٢. جۆرو شێوەی بیرکردنەوەو لێکدانەوەو هاو – ناوەڕۆکەکانی، کە بریتین لە:

أ- کۆزانیاری لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە کەسێك، چشتێك..
ب- بەدەستخستنی کۆزانیاری لە دروستکردنی بڕیارو ناسینەوەی پەیوەندییەکانو ڕێکخستنی پەیپێڕاوەکانو..تاد.
پ- جۆری بیرکردنەوەو بەڕێوەبردنی تاك – کۆمەڵ – نەتەوەیەك.
ت- ئایدۆلۆژیی.

هەرچی درککردنیشە (Cognitive) پەیوەستە بە کردە ئاوەزییەکانی، وەك (کردەی زانین، پەیبردن، تێگەیشتن، بیرکردنەوە، فێرکردن، یادگە، وەبیرهێنانەوە، ئاگایی، ئەزمون، بەرجەستەکردن...تاد)، یاخود درککردن "کردەیەکی ئاوەزییە بۆ بەدەستهێنانی کۆزانیاری* کە یەکەکانی پەیبردنو پێشبینیکردنو لۆژیك پێکیدەهێنن"(٤).

جۆراوجۆریتی کۆزانیاری دەکەوێتە سەر چۆنێتی پەیبردن بە زانیارییەکانو لێکدانەوە لۆژیکیەکانو.. کردە ئاوەزییەکانی. زانیارییەکانیش* کە لە فۆرمو ناوەڕۆك پێکهاتوون، یەکەی پێکهێنەری هێمای زمانین. زمانو دروستەکانی کە "لە بنیاتی چەمکیی گەنجی وشەدان بە ئاڕاستەکەرو ڕابەری زانیارییەکان دانراون"(٥)، لەهەمانکاتیشدا یەکەی پێکهێنەری دروستەی کۆزانیارین (knowledge structure)، بڕوانە هێڵکاری(١).




دروستەی کۆزانیاریی
هێڵکاری (١)

هەرچی بۆچوون‌و تێڕامان‌و بیروڕاکانی زمانێك کە دیاریدەکرێت‌و لە کردە ئاوەزییەکانی دەکەونەوە، بە دنیای نێو – زمانیی دانراون‌و زمان‌و هێما زمانیەکان دەینوێنن‌و بەرجەستەی دەکەن "، دنیا نێوان زمانییەکە پەیکاڵی فۆڕمی ناوەوەی زمانە، کە لەڕێیەوە پڕۆسە داینامیکیەکەی گۆڕینی دنیا لەڕێی زمانی دایکەوە، ڕاستەقینەیی چشتەکان‌و زمانی کۆمەڵەکە بە ئاوەزیی بەیەکدەگەیەنێت"(٦). هەر ئەمەش بە پڕاوپڕی زاراوەی درککردن تێیدا "ئاماژە بە ڕۆڵی سەرەکی‌و یەکلاییکەرەوەی دروستە زانیارییە نێوەندییەکان (واتە زمان) دەدات، بەمەبەستی شارەزابوونی مرۆڤ لە چۆنێتی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ جیهاندا (واتە واقع)"(٧). پڕۆسەی بەرهەمهێنان‌و بەرجەستەکردن‌و نواندن‌و دەربڕینی بیر (زمان)، لەگەڵ پڕۆسەی تێگەیشتن‌و درککردن‌و هەڵێنجان‌و کردەی وەرگرتنی کۆزانیاری.. (درککردن)، دوالیزمەی زانستی زمانی دەروونیی درککردنن(٨)، کەواتە هاوکێشەی دیاریکردنی دنیابینی‌و پەیبردن‌و چۆنێتی‌و شێوەی بیرکردنەوەو تێگەیشتن لە چشتەکانی تاك‌و کۆمەڵ‌و نەتەوەکان دەکەوێتە سەر دیاریکردنی یەکە دەربڕدراوەکان‌و گوزارشتکەرەکانی ئەمانە، کە ئەوانیش هێما زمانییەکانن‌و لە زانستی زماندا بە وشە پەسنکراون.

### ٢/١) پەسنکردنی وشە

#### ٢/١–١) وشە، بنەماو لێکدانەوە

ئاماژەدانی ڕەها بە بەهاو چیەتی (وشە) کارێکی سانا نییە، لەبەرئەوەی وشەکان قاڵبێکن/ فۆڕمێکن بۆ

کۆنکرێتکردنو بەرجەستەکردنی ناواخنێك، کە بە (واتا) دەستنیشانکراون، ئەم یەکەیە (واتا) خۆی لەخۆیدا (فرەواتایە)، بەواتای ئەوەی بەپێی بۆنەو مەبەستو کاتو شوێنی وتنو چۆنێتی بەکارهێنانو شێوازی دەربڕینی دەگۆڕێت "واتای وشە بگۆڕەو فرەواتایەو بەپێی بارودۆخی وتن دەگۆڕێت"[٩]، بۆ پاسادانی ئەمەش بڕوانە وشەی (خێرا)، کە ژمارەیەك واتاگەلی کۆکبوون لەسەری هەیەو ئاوەزییانە وەك یەکەیەکی سیمانتیکی تاقتکراوە (خەزنکراوە) لە فەرهەنگدا.

١–أ) ئۆتۆمبێلی خێرا. (تیژڕەو)

١–ب) کرێکاری خێرا. (گورجوگۆڵو بەخێرایی کردنی شتێك)

١–پ) بڕیاری خێرا. (بەکەمترین کات، کارێك بەئەنجامبگەیەنیت)

١–ت) ڕێگای خێرا. (زووتر گەیشتن، کورتبڕی بکەیت، قەدبڕی بکەیت)

١–ج) کاری خێرا. (بەپەلە)

١–چ) خواردنی خێرا. (ئامادەکراو)

بۆ لێکدانەوەی ئەمەش دوو بنەما خراونەتە ڕوو[١٠]:

یەکەم: بنەمای زانستی زمان، وشە وەك دانەیەکی ئاستی زمانیی وەسفکراوەو لەم لایەنەوە چەمکەکەشی خراوەتە ڕوو، بەوەی وشە بچوکترین یەکەیە، کە واتاو ئەرکی لە زماندا هەیە، وشەکان پێگەی سەرەکی هێزو ئاوازن، کە لەوانیشەوە چۆنێتیو شێوازی دەربڕین دروستدەبنو لەئاکامیشدا جیاوازی ئەکسێنتو زارو وەچەزارو دیالێکت لەدایکدەبن، لەلایەکی تریشەوە، وشەکان بوارێکی بنەڕەتین بۆ کۆتوبەندو هەڵاوێرکردنی وشەسازی، وەك لاگرلکاندن (بڕوانە نموونەی ٢) و بە کلیتیککردن (نموونەی ٣) و داڕشتن (نموونەی ٤) و لێکدان (نموونەی ٥) و هەموو کردە فۆنۆلۆژیو مۆرفۆلۆژییەکانی، وەك تواندنەوە (نموونەی ٦) و جێگۆڕکێ (نموونەی ٧) و کرتاندن (نموونەی ٨) و...تاد.

٢) کوڕ: کوڕەکە، کوڕێك

٣) من نامەکەم بە ئەوان دا. ( پێمدان)

٤) خۆش، نەخۆش، ناخۆش، مێخۆش، نەخۆشی

٥) گوڵ+ ئاو= گوڵاو

٦) مس: مزگەر

٧) بەفر(بەرف)

٨) دەخوات (دەخوا)

دووەم: بنەمای پەسنکردنی میتافیزیکیی، وشەکان بە هەڵگرو گوێزەرەوەو پارێزەری بیروبۆچوونو هەستو سۆزو تێگەیشتن لە جیهانو گێڕانەوەی ڕوداوو دەربڕی زادەی ئاوەزی مرۆڤ دانراون، ئەم بنەمایە هەوڵی ئەوە دەدات چۆنیەتی ئەم پەسنکردنە شیبکاتەوە، بەوەی وەڵامی پرسی، وەك (وشەکان خۆیان چین؟)، (چۆن وشەکان جیادەکرێنەوە؟)، (وشەکان چۆن واتاکان دەگەیەنن؟)...تاد.

بۆ تاوتوێکردنی ئەم پرسانەو تێگەیشتن لە چەمکی وشە دەبێت بنەڕەتی وشەکان دەستنیشانبکەین، کە ئەوانیش لە زانستی زماندا بە لێکسیم ناوبراون، لێکسیم وشەی فەرهەنگینو "یەکەیەکی ئەبستراکتیەو

زمانەوانان بۆ ئاماژەدان بە بچوکترین یەکەی جیاکەرەوە، لە سیستمی سیمانتیکی زمانێکدا، بەکاریانهێناوە"[١١].

وشەکان کەرەستە بنچینەییەکانی زمانن‌و لەسەر بنەمای ناوەڕۆك کە واتاکانیانە، پۆلێنکراون هەر وشەیەك واتای هەبێت، جا پڕواتا بن، وەك (جوان، خواردن، گوڵ، شەن...)، یان خاوەنی واتا بن، وەك (ـــی، ـــەڵان، ـــەکە...)، یاخود هەڵگری واتا بن، وەك (کەس، ژمارە، توخم، مۆرفیمی دۆخی ڕێزمانی...). ئەوا لە فەرهەنگدا تۆمار دەکرێن‌و بە لێکسیم دادەنرێن. لێکسیمەکان پەیوەستن بە وشەکانەوە هەروەکو چۆن فۆنیمەکان پەیوەستن بە فۆنەکانەوە لە زانستی دەنگسازیدا، لێکسیم بەشێوەیەکی گشتی لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە: "فۆڕمی هەیە، کەتیگۆری هەیە، واتای نادارشتەیی* هەیە"[١٢]. بڕوانە هێڵکاری (٢).




پێکهاتەی لێکسیم

هێڵکاری (٢)

لێکسیمەکان بەوپێیەی وشەکانی فەرهەنگن، لەمەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە واتای وشە، دەبێت پشکنینی فەرهەنگی بۆ دیاریکردنی دەروازەی فەرهەنگی یەکە فەرهەنگیەکان‌و دیاریکردنی تایبەتیەکانیان بکەین، کە بریتین لە:

١. تایبەتێتی فۆنۆلۆژی: چۆنێتی دەربڕین‌و خوێندنەوەو سازگەی دەربڕینی دەنگو... دیاریدەکات.
٢. تایبەتێتی مۆرفۆلۆژی: ئاماژە بە ڕۆنانی ناوەوەی وشەو دیاریکردنی پەیوەندی‌و پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی وشەکان‌و کردە مۆرفۆلۆژییەکان بەگشتی دەخاتەڕوو.
٣. تایبەتێتی سینتاکسی: دەستنیشانکردنی ڕادە، توخم، کەتیگۆری، کردە سینتاکسی‌و مۆرفۆسینتاکسیەکان دەگرێتەوە.
٤. تایبەتێتی سیمانتیکی: واتاو نیشانەی واتایی‌و بەهاکانیان‌و پەیوەندییە واتاییەکانی، وەك هاوواتایی‌و دژواتایی... لەخۆدەگرێت.
٥. تایبەتێتی دروستنووسین: چۆنێتیی نووسین‌و تایبەتێتیی پیتیی وشە دەردەخات.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە چەمکی وشە بەپێی بنەماکانی زانستی زمان‌و میتافیزیکی، لە دەروازە/ تێکردە فەرهەنگیەکاندا ڕێکخراون.

### ٢-٢/١) واتای وشە

خودی واتای وشە بابەتێکی فرەزانستیە (interdisplinary)، دەروازەی فەرهەنگی وشەکانی هەر زمانێك کە تایبەتێتی‌و زانیاری‌و نیشانەو سیماو خەسڵەتی تەواوو پڕاوپڕ بەو وشەیە لەخۆدەگرێت، بە سەرچاوەی سەرەکی بەرهەمهێنانی واتای وشە دادەنرێت"چەمکە فەرهەنگییەکان دروستکەرو پێکهێنەری یەکە

واتاییەکانن، کە بە فۆڕمە زمانییەکانەوە پەیوەستکراونو بەشێکی دانەبڕاون لە ڕێزمانی ئاوەزی خودی ئاخێوەری زمانەکە"[١٣]، لەسەر ئەم بنەمایەو بۆ ڕاڤەکردنی چۆنێتی بەکۆدکردنی زانیاری لە فەرهەنگداو دیاریکردنی سیماو خەسڵەتو تایبەتێتی دەربڕدراوە فەرهەنگیەکان، دوو چەشنە تیۆر بۆ لێکدانەوەی واتای وشە هاتوونەتە ئاراوە[١٤]:

### ١- تیۆری سیمانتیکی Semantics Theory

پەیڕەوکەرانی ئەم تیۆرە پێیانوایە، واتای وشە لە جیهانی دەرەوەدایەو واتای دەربڕدراوەکان بریتین لە هەبووەکان* و ئەرکی سیمانتیکیش نزیککردنەوەی دەربڕینەکانە لەگەڵ ئەو هەبووانەی ئەو واتایانەیان هەیە، ئەمان گرنگی دەدەن بە ڕونکردنەوەی ئەوەی چۆن واتا – دیاریکردنی زانیاری لەلایەن یەکە فەرهەنگیەکانی زمانێکی سروشتیەوە_بەکۆد دەکرێن، بڕوانە (٩).

٩) قەیرە (بە واتای ئەوەی کچێك چووبێتە تەمەنەوەو شوینەکردبێت).

لێرەداو پەیوەست بە (٩)وە، تەنها ئاماژە بەو زانیارییانە دەدات، کە ئایا ئەو دەربڕدراوە زمانییە/ وشەیە، لەگەڵ بەها ڕاستیە کرۆکیەکاندا پەیکاڵدەبێتو نزیکیاندەکاتەوە، یاخود بەجۆرێکی تر بڵێین وشەکان ئاماژەبەندییان هەیە بۆ ناواخنێك (content)، کە ئەمیش بەهاو ڕاستیەکان دەیاننوێنن، وەك لەنمونەی(١٠)و دارِشتەی(١)دا، گەڵاڵە کراوە:

١٠–أ) بەهار یەکەم وەرزی ساڵی کوردییە.

١٠–ب) بەهار دووەم وەرزی ساڵی کوردییە.

لێرەدا (١٠–أ) دروستە، لەبەرئەوەی بەهای ڕاستی تێدایەو پەیکاڵی ئاماژەبەندییەکەیەتی.

١) بەها ⇄ ناواخن ⇄ ئاماژەبەندی دەربڕدراوێك بەپێی بارودۆخ.

لەم هاوکێشەیەدا ئەو یاسایانەی دیاریکەری گۆکردنن لە بارودۆخەوە بۆ ناواخن بە نیشانە (character) ناسێنراون، وەك ناواخنەکانیش بە نیازو بڕواکان دانراون، لەبەرئەوە نیشانەکان لەم حاڵەتەدا بریتین لە گۆکردن لە بارودۆخەوە بۆ نیازو بڕواکان، وەك لە هێڵکاری (٣)دا خراوەتە ڕوو.




هێڵکاری (٣)

بۆچوونەکانی تیۆری سیمانتیکی لەوەدا پوختدەکرێتەوە، بەوەی دیاریکەری ناواخنی سیمانتیکیە بۆ دەربڕدراوە زمانییەکان.

## ٢- تیۆری بنیاتنان Foundational Theory

لێکدانەوەکانی ئەم تیۆرە بەو ئاڕاستەیەیە، کە پێگەی واتای وشە بۆ ئاوەزی مرۆڤ دەگەڕێننەوەو پێیانوایە واتای وشە لەناو ئاوەزو مێشکی مرۆڤدایە نەوەك لە جیهانی دەرەوەدا، تیۆری بنیاتنان ئاماژە بەو ڕاستیانە دەدات، کە بەهۆیەوە دەربڕدراوەکان ناواخنی سیمانتیکیان هەیە، واتە لێرەدا هەر ئاماژەدان نییە، بەڵکو وردەکاریی ئەو بنەمایانە شیدەکاتەوە، کە چۆن دەربڕینێك لە زمانێکی سروشتیدا ئەو ناوەڕۆکە سیمانتیکیانەی بەو تایبەتمەندییانەوە هەیە، بە دەربڕینێکی تر، لەم تیۆرەدا دوو جۆر لە زانیاریی کرا بە بنەما بۆ دیاریکردنی واتای وشە، زانیاری فەرهەنگیی کە لە بەکارهێنانی زمانەوە هەڵدەگوازرێتو زانیاری ئینسکلۆپیدیایی، کە لە ئەزمونو دنیابینیەوە هەڵدەگوازرێتو هەردوو جۆرە زانیارییەکەش بۆ ڕاڤەکردنی واتای وشەکان بە تەواوکاری یەکتر دانراون، بۆ ڕونکردنەوەو پەسنکردنی ئەمەش پەنا براوەتە بەر ئاوەزو لایەنی ئاوەزییو کردە ئاوەزییەکان بە سەرچاوەی سەرەکی دیاریکردنی بنەماکان دەستنیشانکراون، بەگشتی جەخت لە پەسنکردنی زمان دەکەنەوە، وەك ئەوەی مرۆڤ چۆن جیهان پەیپێدەباتو درکی دەکاتو بە چەمکی دەکاتو "بانگەشەی ئەوە دەکات، کە زمان ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی واقع نییە، بەڵکو لەڕاستیدا زیاتر ڕەنگدانەوەی تێڕوانینە داهێنراوەکانی مرۆڤە لەسەر ئەو واقیعەی، کە تێیدا دەژیو لەڕێگەی شارەزاییەکانیو بەرجەستەکردنی بۆ شارەزاییەکانی دەیخوڵقێنێتو قسەیان دەربارە دەکات"[١٥]. هەموو ئەمانەش لە فەرهەنگی ئاوەزی (Lexicon)دا بەکۆدکراوە، فەرهەنگی ئاوەزیش، بەواتا "وشەنامەکەی ناو مێشك" و داڕشتەی دەرونزانی زانیارییە فەرهەنگیەکانەو زاراوەیەکە بۆ چۆنێتی ڕێکخراوەیی ئاوەزیی گەنجی

وشەی مرۆڤ بەکاربراوە"[١٦].

فەرهەنگی ئاوەزی[١٧] بریتیە لە نواندنی یادگەی درێژخایەن‌و چونیەکە لەگەڵ توانای فەرهەنگی هەر زمانێکداو لەڕوی کۆکردنەوەو تاقتکردنەوە، وەك پێڕەوی دەروازەی فەرهەنگی ڕێکخراوە، کە هەریەکێك لەوانە پێکهاتووە لە زانیاری پەیوەستدار بە وشەی بەکارهێنراوەوە، دەروازەی فەرهەنگی وشە وەك نواندنی ئاڵۆز بە مۆدێلکراوە، کە لەم یەکە پێکهێنەرانە پێکهاتووە:

١. فۆڕمی سیمانتیکی: دیاریکەری هاوبەشی سیمانتیکیە، بەوەی وشەکان ئاماژە بە واتای ڕستەکان دەدەن، ڕوودانی ڕووداوێك یان کردەیەك... دیاریدەکەن.

٢. فۆڕمی ڕێزمانی: پۆلەڕەگەزی وشە (ناو، کردار، ئاوەڵناو) دیاریدەکات‌و ئاکاری وشە لە بارودۆخی ڕستەدا ڕێکدەخات.

٣. فۆڕمی مۆرفۆلۆژی: دروستەی مۆرفۆلۆژی‌و کردە مۆرفۆلۆژییەکان کە دەکرێن بەسەر وشەدا جێبەجێبکرێن، دەنوێنن.

٤. فۆڕمی فۆنۆلۆژی: دیاریکەری تایبەتێتی دەنگسازی وشەیە.

٥. فۆڕمی دروستنووسین: دیاریکەری دروستەی پیتیی/ گرافیکی وشەکانە.

کەواتە بۆ دەستنیشانکردنی واتای وشە، دەبێت لە ئاوەزداو لە نواندنە ئاوەزییەکاندا پشکنینی بۆ بکەین، (Paul Grice)[١٨] هات لەسەر چۆنێتی جێبەجێکردنی ئەم پشکنینە پەرەی بەم لێکدانەوەیە داو بۆ پاسادانی دوو بنەمای دیاریکرد:

١- چۆن مەبەستی دەربڕینەکان ڕونبکرێنەوە؟

٢- چۆن مەبەستی ئاخێوەر بەهۆی دەربڕدراوەکانەوە دەتوانرێت لەڕێی نیازو بڕواکانیانەوە شیبکرێنەوە؟

بەپێی ئەم دوو بنەمایە دەتوانین واتای ناواخنی‌و مەبەستی ئاخێوەر دیاریبکەین، بڕوانە (١١):

١١-أ) یـــار (دۆست).

١١-ب) یـــار (بۆ ناوی کچ بەکاردەهێنرێت).

١١-پ) یارو یاوەران (لە بابەتی ئایینیدا بۆ دۆستان‌و خۆشەویستانی پێغەمبەر (د.خ) یان پشتیوان).

١١-ت) یـــار ( بۆ خودا بەکاردێت).

١١-ج) یـــار (یاریم بدە، هاریکاریکردن، یارمەتیدان).

١١-چ) یـــار (تکاکار).

١١-ح) یـــار (وەك مۆرفیمی بەندی داڕێژەری لە جوتیار، کامیار).

یاخود لە ڕستەیەکی وەك (١٢)دا:

١٢) چاڤی لاند وەك پارکی ئازادی نییە.

بەپێی بنەمای یەکەم دەبێت ناواخنی هەریەك لەم دەربڕدراوە زمانیانە بخەینەڕوو، ئاماژەبەندییەکەیان ڕونبکەینەوە، ناواخنی (چاڤی لاند) و (پارکی ئازادی) هەریەکەیان شوێنی یاری‌و گەشت‌و حەسانەوەن، بەڵام بەپێی بنەمای دووەم، وردەکاری زیاتر لەمەڕ ئەوەی ئەم دوو شوێنە لەڕووی یاری‌و پانتایی‌و شوێن‌و جوگرافیاو... وەکو یەك وانین.

لەسەر ئەم دوو بنەمایەش Paul Grice واتای وشەی بۆ واتای ئاخێوەرو بەتایبەتیتریش بۆ نیازو بڕوای پەیوەندیگرتنی ئاخێوەر داناو بەم یاسایە پاسادانی کرد.

ئەگەر (أ) بەمەبەستی (پ) بەهۆی دەربڕدراوی (ت) بگەیەنێت. ئەگەر (أ) نیازێك بێت لەناو دەربڕدراوی (ت)دا، ئەوا:

١. گوێگر بڕوا بە (پ) دەکات.
٢. گوێگر نیازەکە دەناسێتەوە.
٣. خاڵی (١) لەسەر بنەمای خاڵی (٢) ڕوودەدات.

بۆ لێکۆڵینەوە لە واتای وشە، گرنگە هەردوو بنەماکە (بنەمای سیمانتیکیو تیۆری بنیاتنان) پەیوەستبکەین بەیەکەوە، لەبەرئەوەی لەسەر یەکتری بنیاتنراون، ئەم ئاوێزانکردنی بنەمایانەش خۆی لە ئاوەزداری زانستی زماندا دەبینێتەوە. جەخت لەسەر دیاردە فەرهەنگیەکانو پەسنکردنی کردەکانیو پەیوەستکردنی کۆزانیاری وشە بە درککردنی – نازمانەوانیو پشت بەستن بە ڕێبازە دەروونزانیو دەمارزانیەکانی واتای وشە دەکەنەوە. ئەمەش بە نواندنە ئاوەزییەکانی کردە ئاوەزییەکان دەبێت، نموونەی بنچینەییەکانیش (proto type) بەرجەستەکەری نواندنە ئاوەزییەکانن، بۆ چۆنێتی درککردنی داڕشتەی دانشنامەیی (encyclopedia) واتای وشە لە پەیکەری سیمانتیکیدا (fram Semantic)، بەگشتی تێڕوانینی ئەم زانستە( زانستی زمانی درککردن (Cognitive Linguistics)) بۆ خودی واتا، خۆی لە سیمانتیکی درککردندا دەبینێتەوە.

### ٣/١) **سیمانتیکی درککردن** Cognitive Semantics

زانستی زمانی درککردن، نوێترین قوتابخانەی زمانەوانیە، کە لەڕوی دیدگەو بیروبۆچوونو تیۆریو کارەکیەوە بەگشتی، گرنگی بە پشکنینی پەیوەندی نێوان زمانی مرۆڤ، مێشکو ئاوەزو ئەزموونی دەرونیو کۆمەڵایەتیو...تاد، دەداتو پێوایە کردەی درککردنی هەموو لایەنەکانی تری پەیوەست بە مرۆڤ دەگرێتەوە.

زانستی زمانی درککردن بایەخ بە شیکردنەوەی سیمانتیکی فەرهەنگیو ڕێکخراویی ڕێزمان دەدات، ئەم دووانە بوونەتە بنەمای پێکهێنەری زانستەکەو شیکردنەوەی سیمانتیکی فەرهەنگی بنەمای سیمانتیکی درککردنەو کاری ئەم لێکۆڵینەوەیە.

هەرچی سیمانتیکی درککردنە*، خۆی بە پشکنینی پەیوەندی ئەزمون، پێڕەوی چەمکی دروستەی سیمانتیکی، کە بەهۆی زمانەوە کۆدکراوە دەدات، بە دیاریکراویش بۆ پشکنینی نواندنی کۆزانیاری (دروستەی چەمکی – Concept Structure) و پێکهاتەی واتای (بەچەمککردن – Conceptualization) [١٩]ە، یاخود سیمانتیکی درککردن بەتوانای درککردنی مرۆڤ دانراوە، بۆ ڕونکردنەوەی ئەمەش چوار بنەمای ڕێبەری سیمانتیکی درککردن دیاریکراون، کە ئەمانەن[٢٠]:

* سیماتیکیی درککردن لە چەند وەچە تیۆرییەك پێکهاتووە، ئەم لێکۆڵینەوەیە، زیاتر لەسەر وەچە تیۆریی واتای دانشنامەیی/ ئینسکلۆپیدیایی، کاریکردووە، بۆ زانیاری زیاتری تیۆرەکە. بڕوانە(نەریمان: ٢٠١٥).

### ١) دروستەی چەمکی بەرجەستەکراوە.

بەواتای ئەوەی شیکردنەوەی واقیع، بەپێی چۆنێتی بەرجەستەکردنەکانی ئێمەیە بۆی، واتا کۆنکرێتکەرو بەرجەستەکەری چەمکی وشەیەو لێرەشەوە دەبێتە کۆنکرێتکەری تێڕوانینی مرۆڤ لەسەر جیهانی واقع، بۆ نموونە چۆنێتی پەیبردنمان بۆ سروشت ئەزمونەکانیشمان دەگۆڕێت، وەك مرۆڤ بەپێی پێڕەوی بینین سێ جۆر کەناڵی ڕەنگیی هەیە (وەرگری گورزە شەبەنگ) تێڕوانین‌و پەیبردن ئەزمونی جیهانی جیاجیامان دەداتێ‌و جیاوازە لە پێڕەوی بینینی گیانلەبەرێکی وەك (سمۆرە، کەروێشك‌و پشیلە)، کە دوو کەناڵیان هەیە، لەگەڵ ئەوەی باڵندەیەکی وەك (کۆتر) چوار کەناڵی بینینی هەیەو هەندێکی تری وەك (مار) گورزە شەبەنگی خوار تیشکی سور وەردەگرن‌و دەبینن. بوون‌و جیاوازی لە بینین یان هەر هەستەوەرێکی تر جیاوازی لە تێڕوانین‌و پەیبردن‌و دواتر ئەزمونیش دەردەخات، لەمەوە یەکێك لە لایەنەکانی بەرجەستەکردن، دیاریکەرو سروشت‌و چوارچێوەی ئەزمونی هەستەوەرەکانمانە، بۆیە دەتوانین قسە لەسەر پەیبردنەکانمان بکەین، کە لە چۆنێتی بەرجەستەکردنی ئەزمونەکانمانەوە هەڵدەگوازرێن، بەمەش دنیابینی‌و ئاوەزمەندی دیاریدەکرێت‌و لەمەوە ئاوەزی مرۆڤ بە هەڵگری جێنەخشی ئەزمون بەرجەستەکراوەو ئەمەش پەیامی کرۆکیی سیمانتیکی درککردنە، کە ناسراوە بە توێژینەوەی درککردنی بەرجەستەکراو، لێکەوتەی ئەم گەلاڵەکردنە ئەوەیە، دروستەی چەمکی سروشتی چەمکەکانی مرۆڤەو بەرەنجامی سروشتی بەرجەستەکردنەکانمانە.

### ٢) دروستەی سیمانتیکی دروستەی چەمکیە.

سیمانتیکی درککردن گریمانەی ئەوە دەکات کە بیروبۆچوون‌و هەست‌و چۆنێتی پەیبردن‌و دنیابینی... بە نەریتی لە زماندا کۆدکراوەو لەبەرئەوەیە دروستەی سیمانتیکی هاوتای دروستەی چەمکییە، ئەمەش بەومانایە نیە کە ئەم دوانە پەیکاڵی یەکن، نموونەش بۆ ئەمە خودی (چەمك) خۆیەتی.

### ٣) نواندنی واتایی دانشنامەییە/ ئینسکلۆپیدیاییە.

بەمانای ئەوەی چەمکی فەرهەنگی گورزەکانی واتا نانوێنن وەك وشەنامە، لەباتی ئەوە ئەمان (خاڵی بەیەکگەیشتنن)، بۆ کۆگاو گەنجی گەورەی کۆزانیاریی، کە پەیوەستە بە چەمکێکی دیاریکراو یان بوارێکی چەمکییەوە، بانگەشەی ئەوەی چەمکە فەرهەنگییەکان خاڵی بەیەکگەیشتنن، خۆیان لە خۆیاندا دانشنامەیی واتایی پێکدەهێنن، ئەمە ئەوە ڕەتناکاتەوە کە وشەکان واتای پەیوەستداری نەرێتیان نییە (Convention)، بڕوانە نموونەی (١٣).

١٣-أ) ڤالان خەمبارە.

١٣-ب) ڤالان دڵخۆشە.

هەریەك لە وشەکانی (خەمبار، دڵخۆش) زنجیرەیەك واتای نەرێتی پەیوەستداریان لە خۆیاندا ناواخنکردووە. ئەم واتا نەرێتییە پەیوەستدارە بە هێمای زمانەوانی‌و گۆکردنی ئاڕاستەکاریی‌و کردەی پێکهاتنی واتایی هەیەو کردەی هەڵاوێرکردن (Selection) بنەمای ئەم پێکهاتنە بەرجەستە دەکات، بەوەی هێما زمانییەکان بەپێی بارودۆخی دەربڕدراوەکان هەڵاوێر دەکرێن، بۆ نموونە وشەی (گەرم) لە (١٤)دا کۆمەڵە واتایەکی هەیە، لێرەدا

بۆ هەریەك لە وشەكانی (مندالّ، كەشوهەوا، دلّ) یەك تایبەتێتی چەسپاوو جێگیری دیاریكراوی نییە، بۆیە بۆ زانینی مەبەستی ئاخێوەر، دەبێت كۆزانیاری دانشنامەیی هەریەك لەو وشانە بە كۆزانیاری وشەی (گەرم) پەیوەستبكەینو بەپێی هەلومەرجەكان هەلاَوێری ئەو واتایە بكەین، كە بارودۆخی وتن تەرخانیدەكاتو بەمشێوەیە واتا پێكدەهێنین.

١٤–أ) مندالّەكە گەرمە.(نەخۆشە، تایەتی)

١٤–ب) كەشوهەوا گەرمە.(پلەی گەرمی بەرزە)

١٤–پ) دلّ گەرمە.(بە جۆشوخرۆشە)

١٤–ت) لەسەر كارەكە گەرمە.(بە شێلگیرانەودلّسۆزانە كارەكە دەكات)

١٤–ج) جێگەكەت گەرمە.(بە تەوسەوە بە كەسێك دەوترێت كە پالّی دابێتەوەو شانی دادابێتوخۆی لە زۆر شت نەگلێنێت)

لەمەوە واتای زمانیی سروشتێكی ناسەربەخۆشی هەیە، لەگەلّ ئەوەدا دانشنامەییەو ڕەنگدانەوەی شارەزاییو بەكارهێنانی مرۆڤەو پێویستی بە كۆزانیاری جیهانی هەیە، بۆئەمەش وەچە تیۆریی (سیمانتیكی دانشنامەیی) لەناو تیۆری سیمانتیكی درككردندا بۆ پەرەدان بەم ڕێبازە ژمارەیەك گریمانەی بۆ وردتر پێكهێنانی سیمانتیكو بە كارەكی بەرجەستەكردنی پێشكەشكردو بریتین لە:

أ. هیچ بنەمایەكی جیاكاری لەنێوان سیمانتیكو پراگماتیكدا نییە، بۆیە ئەم دوو زانستە كراون بەیەكو بە كۆزانیاری وشەنامەیی ناوێركران.

ب. كۆزانیاری دانشنامەیی بە دروستەكراوەو وایداناوە كۆزانیاری دانشنامەیی لە پێڕەوی كۆزانیاریدا ڕێكخراوەو وەك تۆڕ Network بە دروستەكراوە. خودی نموونەی بنچینەیی بۆ پەرەدان بە تیۆری تۆڕیی بەكاردەهێنرێت. نموونەی بنچینەییش بەرجەستەكەری نواندنە ئاوەزییەكانو لەمەوە داڕشتەیەكی گەلاَلەكراوی وەك ڕێبازی نموونەی بنچینەیی (proto type) – بنەمایی، لەسەر واتای وشە هاتە ئاراوە.

پ. واتای دانشنامەیی لەناو بارودۆخەوە هەلّدەگوازرێت. چۆنێتی بەكارهێنانو هۆكارە بارودۆخیەكان بنەمای هەلّگواستنی واتای دانشنامەییە بەهۆی هەلاَوێركردنەوە، وەك نموونەكانی (خێرا، یار، گەرم)، بۆیە بارودۆخو بەكارهێنان بە ئاڕاستەكاری واتا دادەنرێنو خودی زمانو وشەش لە بنەڕەتدا بەمانای (بنیاتنان)[٢١] هاتوون، بەواتا هێمای زمانیی بنیاتی ئەو واتایە دادەنێت، كە لە دەرەنجامی زانیاری بارودۆخەوە هەلّدەگوازرێن، بەم بۆچوونە واتای وشە بوونێكی سەربەخۆی نیەو بەلّكو پێكدەهێنرێنو بنیاتدەنرێت بەهۆی هەلاَوێركردنەوە لە كۆزانیاری ئینسكلۆپیدیاییەوەو بە سیمانتیكی شاراوەی یەكە فەرهەنگیەكان (Semantic Potential) ناوبراوە.

ت. یەكە فەرهەنگیەكان خالّی بەیەكگەیشتنن بە كۆزانیاری ئینسكلۆپیدیایی/دانشنامەیی. وشەكان كۆگایەك نین كە گورزی زانیاری وردكراوەی تێدا هەلّگیرابێت، بەلّكو بە هەلاَوێركردن دەچێتە سەر هەر بەشێكی دیاریكراوی تۆڕی كۆزانیاری دانشنامەیی.

ج. كۆزانیاری دانشنامەیی دینامیكیەو بزاوە. خودی دانشنامەیی بەواتای بزاویو گۆڕاوی دەگەیەنێت.

٤) **پێکهاتەی واتا بەچەمککردنە.**

وشەکان گۆکردنی ئاڕاستەکارانەیان بۆ پێکهێنانی واتا هەیە، هەربۆیە خودی ئەم وشانە بەکۆدکەری واتا نین، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە واتا لە ئاستی چەمکیدا پێکدەهێنرێتو پێکهێنانی واتا لەگەڵ بەچەمککردندا هاوواتایە، ئەو کردەیەی بۆ (شتێك) یەکەیەکی زمانەوانی داوایدەکات بریتیە لە دەستەیەك/ ڕستێك لە کردەی چەمکیو بەگەڕخستنی پێشخانی کۆزانیاریو لەلایەن زمانەوە بە گورزە (packaged) دەکرێت.

١/٢) **سیمانتیکی درککردنی چەمکی وشە:**

واتا، ناوەڕۆكو ناواخنی سیمانتیکەو بەهای هێماو کرۆكو هێزی پەیوەندیگرتنو پێکگەیشتنە، واتای سیمانتیکی واتای فەرهەنگییە، واتای فەرهەنگیش یەکە فەرهەنگییەکان دەینوێننو دەریدەبڕنو بەرجەستەی دەکەن، بەگشتی فەرهەنگ کۆگەو پێگەی تاقتکردنی یەکە زمانیەکانە (وشە)یەو لە فەرهەنگی زمانەوانیدا هەمیشە جەخت لەسەر واتای وشە دەکرێتەوەو ئەو چەشنە واتایەش کە لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێت بە کرۆکەواتا دیاریکراوە (ئەو واتایەی ڕاستەوخۆ وشەکە بە ئاماژە بەندییەکەیەوە دەبەستێتەوە لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێتو بە کرۆکەواتا ناوبراوە)[٢٢]، هەرچی واتاکانی ترە کە لەم واتا بنەڕەتە دەکەونەوە بە توێکڵەواتا ناسێنراون. بڕوانە نموونەی ڕەنگەکانی (شین و سور):

١٥–أ) ئاسمان شینە.

١٥–ب) زەویەکە شین بووە.

١٥–پ) منداڵەکە قاچی شینبۆتەوە.

١٦–أ) گوڵی سورم لاجوانە.

١٦–ب) ڕەنگی سور هەڵگەڕاوە.

١٦–پ) سوربۆتەوە، زۆر شەرمدەکات.

١٦–ت) ڕەنگی سورە، زۆر بەکەیفە.

١٦–ج) سورە سوری کوڵمی دێت. (زۆر جوانە)

١٦–خ) سورمکردەوە.(تەریقمکردەوە).

١٦–چ) سور دیارە لێم کە نایەیت.

١٦–ح) سورم لەسەر بڕیارەکەم. (سورم لەسەر ئەو شتە) جەختکردنەوە.

١٦–د) هێڵی سور.

١٦–ز) پێم سورکردەوە. (خواردن سورکردنەوە).

پەیکاڵی ئەمانە بڕوانە (زەرد، ڕەش، سپی...)

پەیوەست بە فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیاییەوە هەمیشە سەرنجو جەختکردنەوە لەسەر چەمکی وشەیە نەك واتاکەی، چەمك (concept) کە ناوەڕۆکی سیمانتیکی درککردنە، بریتیە لە (نواندنی ئاوەزی بیرو ئەزمونو ئەنجامی ئەو لێکەوتانەیە، کە لە کردەی درککردنمان بەواتای بابەتەکان دەکەونەوە)[٢٣] یاخود ئەندێشە

وێنەی ئاوەزیانەی مەبەستی ئاخێوەرە لە دەربڕینی وشەیەكو چۆنێتی بە دروستەكردنی ڕێكخراوەی ئاوەزیی بیرەكانیش بە دروستەی چەمكی دیاریكراوە، كە تیایدا زانیاری زمانیو نازمانی تێدا هەماهەنگەو لەلایەكی تریشەوە خودی دروستەی چەمك بە نواندنی كۆزانیاری ناسێنراوە (كۆزانینی مرۆڤ لەسەر (فۆرم) و (واتا) زمانەوانییەكان لە بنەڕەتدا دروستەیەكی چەمكییە)[24]. چۆنێتی ڕێكخستنی ئاوەزیی بیر دەكەوێتە سەر جۆراوجۆرێتی پەیبردنو ئەزمونو زانیاریو لایەنی كلتوری... و هەموو ئەمانە چوونیەك نین لای مرۆڤەكانو بەمپێیە دروستەی چەمكییەكانیشیان جیاوازدەبن، لەبەرئەوەیە دروستەی چەمكی لە كەرەستەی جیاواز پێكهاتووە، بۆیە جیاوازە لەبەرئەوەی ڕامانو تێڕوانینی مرۆڤ جیاوازە بەرامبەر بە جیهانی دەرەوە، لەمەشەوە پەیوەندی نێوان دروستەی چەمكیو جیهانی دەرەوە بەرجەستەكردنو نواندنەو هەرچی وشەو یەكە فەرهەنگیەكانە بەگشتی واتادارنو ئاماژە بە چەمكێك دەكەن لە مێشكدا، بەو كردانەی ڕونكردنەوە بەم چەمكانە دەدەنو گەشەی پێدەدەن دەوترێت كردەی بەچەمككردن (conceptualization)، یاخود بەچەمككردن دەرەنجامی ناساندنی چەمكەو داهێنانو دۆزینەوەی بیرەو بە ئاوەزیی گەڵاڵەكردنێتی[25]. یاخود (پرۆسەی بەچەمككردن سەرجەم دروستە چەمكییەكانی بیركردنەوەو جیهانبینی مرۆڤ دەگرێتەوە)[26]. لەمەشەوە جیاوازی دنیابینیو ئەزمونو دواتر كلتورو زمانیشی لێدەكەوێتەوە.

دروستەی سیمانتیكی بنەمای دروستەی چەمكیەو واتا دیاریكەری بەهای وشەیەو وشەكان بەبێ واتا هیچ نرخێكیان نیە، لە سیمانتیكی درككردندا دیاردەی واتا(كرۆكەواتاو توێكڵەواتا) بە تیۆری تۆڕی سیمانتیكی[27] (Semantic Network) لێكدراوەتەوە، بەوەی واتایەكی بنجی وەك چەقەواتا بۆ وشەكە لەبەرچاو دەگیرێت، ئەو واتا بنجییە یەك وێنەی ئاوەزی هاوبەشی لای ئاخێوەرانی زمانەكە هەیە بە كرۆكە واتا ناوبراوە، لەمەوە وێنە ئاوەزییەكان كرۆكەواتاكانو ئەو واتایانەی تر كە نوێن لەمەوە دەكەونەوەو ئەمەش بەرەنجامی فراوانبوونی كرۆكەواتاكەیەو لە ئەنجامدا كرۆكەواتاو واتا نوێیەكانی تۆڕێكی واتایی دروستدەكەنو بە (تۆڕی تیشكدەرەوە – تەوەرەیی)[28] (radial net) ناوبراوە، ، بڕوانە هێڵكاری(٤)ی ڕەنگی (سور):

چەمكی سور




دروستەی چەمكی (سور)

{سور} ←

{حاڵەت دەبێت ({شت X}، {شوێن Y})}
{حاڵەت ڕوو ({شت X}، {ڕێڕەو Y})}
{حاڵەت چوون ({شت X}، {ڕێڕەو Y})}
{حاڵەت كردن ({شت X}، {شت Y})}

بڕوانە تۆڕی سیمانتیکی (سور)




تۆڕی تیشکدەرەوەیی

هێڵکاری (٤)

بەواتایەکی تر یەکە فەرهەنگیەکان کەتیگۆری چەمکین‌و کەتیگۆری ئاڵۆز دەنوێنن‌و ئەمەش بە کەتیگۆری تیشکدەرەوەکان دیاریکراون، ئەم کەتیگۆرییەش بەدروستەکراوەو پەیوەستە بە نموونەی بنچینەییەوە، نموونەی بنچینەیی (گەڵاڵەکردنی چەمکە بە پەیوەستکردنی بە تایبەتیەکانیەوە)و ئەندامەکانی تری کەتیگۆرە جیاوازەکانیش پەیوەستن بە نموونەی بنچینەییەوەو ئەمەش لەسەر بنەمای کۆکبون‌و ڕێککەوتن دەبێت.

چۆنێتی بەدروستەکردنی نواندنی چەمکی لە کەتیگۆرەکاندا بە سیمانتیکی پەیکەریی دیاریکراوە، کە ئەمیش پێڕەوێکی چەمکیەو بریتیە لە (بەکۆدکردنی هەموو ئەو نەست‌و سیماو تایبەتێتی‌و سیفاتانەی پەیوەستن بۆ تێگەیشتن لە وشەیەك)[٢٩]، کەواتە چۆنێتی ڕێکخستنی واتای وشە ئەرکی سیمانتیکی پەیکەرییەو ئەمەش هەر گۆکردنی سیمانتیکی ئینسکلۆپیدیایی/دانشنامەیی جەختی لەسەر دەکاتەوەو بەپێی ئەم تیۆرە پەیکەرەکان پێکهاتەیەکن پەیوەستن بە زانین‌و ئەزمونی ڕۆژانە دروستیدەکات‌و لەم ڕوانگەیەوە واتای وشەکان سنوری هەموو پەیکەرەکە دەگرێتەوەو پەیکەرەکەش ئەو تۆڕە واتاییەیە کە سەرجەم کرۆکەواتاو توێکڵەواتاکانی لەخۆگرتووە.

بۆ پەسنکردنی پەیکەریش/ تۆڕی پەیکەریی/ پێویستە یەکەکانی پەیکەر کە دەستەیەکە لە ڕۆڵە سیمانتیکیەکان، کە پەیوەستن بە پەیکەرەکەوەو یەکە فەرهەنگیەکانی پەیکەرەکە دەوروژێنن دیارییبکەین‌و ئەوانیش دوو جۆرن[٣٠]:

أ- ڕۆڵی سیمانتیکی کرۆکی: ئەوانەن کە دەبێتو گرنگە بۆ واتای کرۆکی پەیکەرەکە.

ب- ڕۆڵی سیمانتیکی ناکرۆکی.

بەم چەشنە کۆزانیاری دانشنامەیی، وەکو سیمانتیکی تۆڕی بەدروستەکراوەو بە کردەی هەڵاوێرکردن بەپێی بۆنەی وتنو بارودۆخ دیاریکراوەو بەهۆیەوە دیاریکردنی نموونەی بنچینەیی، تا بەهۆیەوە مەبەستی ئاخێوەر لە دەربڕینەکەی دیاریبکەینو پرۆسەی تێگەیشتن فەراهەم بێت( بڕوانە دیاریکردنی چەمکی سور).

لەمەوە دروستەی چەمکی ڕۆڵی سیمانتیکی دیاریدەکات، بە پوختی بۆ دیاریکردنی سیمانتیکی پەیکەری هەر وشەیەك دەبێت هەموو ئەو ڕاستیو زانیاریو... پەیوەستن بۆ تێگەیشتن لەو وشەیە لەبەرچاو بگیرێت، بۆ نموونەی ناوی کرداریی وەك (کڕین) پێویستە ئەو کردانەی لەو پرۆسەیەدا بەرجەستە دەکرێن بە کارەکی لەبەرچاو بگیرێن وەك (فرۆشتن، پارە، شت، ئاڵوگۆڕکردن،...) بڕوانە نواندنی دروستەی چەمکی (کڕین).

کڕین
V.N
NPj > له NPk >< بۆ NP < ...
چوون خاوەنێتی ({}j ، [له {} / بۆ {}]
چوون {خاوەنێتی {({پارە} له {B})}}
بۆ {a}

لەگەڵ هەموو ئەو توێکڵەواتایانەی ئەم وشەیەی بۆ بەکاربراوە، وەك:

١٧_ا) پیاوەکەی کڕی. (هەڵیخەڵەتاند)

١٧_ب) خۆی کڕییەوە.

١٧_پ) کڕین و فرۆشتنی پێوەدەکات.

٢/٢) گەنجی وشە

گەنجی وشە، لیستی هەموو ئەو وشەو یەکە زمانیانەیە کە ئاخێوەرانی زمانێکی دیاریکراو بەکاریدەهێنن‌و دەیزانن‌و زمانیانی پێدەپژێتو بەشێوەی پێڕەوی (ئا.پێ، تێ...) لە فەرهەنگدا ڕێکخراون. گەنجی وشە کە لەگەڵ کردەی زمانپژاندا دەخولقێتو لەگەڵ گەورەبوون‌و گەشەکردنی تاکدا ئەمیش پەرەدەسێنێتو دەولەمەندترو زەنگینتر دەبێت، لەمەوە تەمەنی مرۆڤ و لەگەڵیشیدا تەمەنی کۆمەڵو نەتەوەو تەمەنی گەنجی وشە، وەکو دوو دیوی دراوێکن‌و پەیوەستن پێکەوەو لێکجیاناکرێنەوەو مرۆڤ لەگەڵ ڕێکردنی تەمەنیدا گەنجی وشەکانیشی زۆرترو فراوانترو تەنینەوەیان بەربڵاوتر دەبێت، زانیاری وردترو بەوەی پەیبردنی بۆ دنیاو بوون‌و دەوروبەرو قوڵترو فرەچەشنتر دەبێت، کۆزانیاری ئینسکلۆپیدیای وردترو قوڵتر دەبێت، (گەنجی وشە هەمیشە

لەگەڵ تەمەنی مرۆڤدا گەشە دەکاتو خزمەتیدەکرێت، وەك كەرەستەیەکی بنەڕەتی بۆ پەیوەندیگرتنو وەرگرتنی کۆزانیاری)(٣١) بەکاریدەهێنێت، لەمەشەوە بۆ دیاریکردنی درککردنی گەنجی وشەی هەر زمانێك، لایەنی مێژوویی، ڕاستی دەرەوەی زمان، پەیوەندی ئەم وشەیە بەوانی ترەوە، دروستەو پێکهاتەی خودی وشەکە، لایەنی کلتوریو کۆمەڵایەتی، (دیالێکتو...) دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، لەسەر ئەم بنەمایانەش گەنجی وشەکان سەربەخۆ نینو پەیوەستدارنو هەموو گەنجی وشەیەك(٣٢) سەر بە خێزانە وشەیەکەو لەهەمانکاتدا ئەندامە لەناو کێڵگەیەکی واتاییدا. خێزانەوشە (word family) بریتیە لەو کۆمەڵە لێکسێمەی کە قەدەمۆرفیمە لەیەکچووەکانیان بۆ هەمان ڕەگی ئیتمۆلۆژی دەگەڕێتەوە، بڕوانە:

١٨) کردن: دەکەم، کردن، ڕاکردن، داکردن، هەڵکردن، تێکردن، پێکردن، تێکراو، کردوومە، بکەم، بتکردایە، کردبوو....تاد.

هەرچی کێڵگەی واتایی (word field) گەنجی وشەیە، بریتیە لەو وشەو لێکسێمانەی کە کەمەکیی هاوواتانو لەڕوی فۆڕمەوە جیاوازنو کرۆکەواتای لەیەکچوویان هەیە. بڕوانە هێڵکاری(٥) کێڵگەی واتای (گوتن).




کێڵگەی واتایی گوتن

هێکاری(٥)

لەمانەوە ئەوە ڕوندەبێتەوە، کە گشت گەنجی وشەی زمانێك لە کێڵگەکاندا ڕێکخراونو هیچ وشەیەك نیە بێ کێڵگە بێتو دەکرێت وشەیەك لەهەمانکاتدا سەر بە چەند کێڵگەیەکی تری واتایی بێت، بۆ نموونە وشەیەك لەڕوی (ڕەنگ، قەبارە، ئەرك، تام،...)، بەپێی هەر یەك لە بوارەکانی دەچێتە کێڵگەی واتاییەکانییەوە، لەبەرئەوەیە هەریەکێك لەم لێکسێمانە لەڕووی واتاوە دەبنە تەواوکەری یەکتری.

سەرچاوەی سەرەکی گەنجی وشەی هەر زمانێك خودی زمانی دایکی ئەو زمانەیە، ئەمە ناکاتە ئەوەی کە وشەی وەرگیراو لە زمانی ترەوە نایەنە ناو زمانەکەوە، چونکە زمان باڵانمای مرۆڤ و نەتەوەو کلتورو... سەردەمەکەیەتی، ئەمە جگە لەوەی خودی هەموو زمانەکانی جیهان لە یەك زمانەوە کەوتونەتەوە، لەبەرئەوە دیاردەی هاوبەشیو جیاوازی لەنێوان هەموو زمانەکانی دنیادا هەن، بەتایبەتتریش وشەو دەربڕدراوو زاراوەی هاوبەش لەنێوان ئەو نەتەوەو کلتورانەی کە نزیکن لەیەکەوەو هاوبەشی (کلتوری، ئاینی، دابونەریت،...)یان

هەیە، زیاتر لە زمانەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە، لەگەڵئەمانەشدا بەهۆی بوونی ململانێی (تەکنەلۆژی، داگیرکاری، ڕامیاری، ئابوری، فەرهەنگی...) زیاترو زۆرتر دیاردەی هاتنە ناوەوەی وشە بۆ زمان پەرەیسەندووە.
زمانی کوردیو فارسی زیندوترین نموونەی بەرجەستەکراوی ئەم دیاردەیەن، هەرچەندە ئەم دوو زمانە لە یەك ڕەگە – زمانەوە سەرچاوەیانگرتووەو سەر بە زمانە ئێرانییەکانو ئەمانیش سەر بە گروپی (هیندۆئێرانین). دەبینین ژمارەیەکی زۆر لەو وشانەی "زمانی ڕەگ"[٣٣]ی هەردوو زمانەکەن، وەك میراتو وشەی هاوبەش، بە گۆڕینی کەمەکیی یان هەمەکییەوە، لە فەرهەنگی زمانی کوردیو فارسیدا ماونەتەوە (/دەست:دەست، پێ:پاد، چاو:چشم، سپی:سفید، ڕێ:ڕاە، کردن:کردن، بینین:دینین، خوردن:خواردن، ئاو:اب، ئابڕومەندی:آبرومندی، ئابڕودار:آبرودار، پارتیزان:پارتیزان، پەڕەشوت:پاراشوت، پارچە:پارچە،...)، لەگەڵ جیابوونەوەی ئەم دوو زمانە لە ڕەگی زمانە ئێرانیە کۆنەکە* وگەشەکردنی هەریەکەیان، لەگەڵیدا پەرەسەندنو فراوانبونی بەردەوامی گەنجی وشەی فەرهەنگی زمانەکانیش بەردەوام بووەو لێرەوە ئەمە ئاماژەیە بە جیاوازی دنیابینیو پەیبردنو درککردن بە ژیانو مرۆڤ و دەوروبەرو بوون بەگشتیو لەبەرئەوەی خودیوشەکانو زمانیش ئاوێنەی ئاخێوەرانێتیو بنیاتنەری چەمکەکانیانە، خودی جیاوازیو جیاکاریش ئاماژە بە پەرەپێدانو گەشەسەندنی زمانەکان دەدەن، بۆ دەستنیشانکردنی ئاوەزمەندیی ئەم دوو زمانە، دەبێت پەنا بۆ شیکردنەوەی چۆنێتی درککردنی گەنجی وشەکانی زمانەکان ببەینو بەڵگەو پاسادانی ئەم گریمانەیە بەراوردکردنی چەمکەکانیانەو کۆزانیاریی زمانیش لە کارەکیکردنی زمانو بەکارهێنانییەوە بەرجەستەدەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش پۆلی (ناوی کرداریی)، وەك نموونە وەرگیراوە لە هەردوو زمانەکەدا.

### ٣/٢) درککردنی ناوی کرداریی لە زمانی کوردیدا:

١) ناوی کرداریی[٣٤] خستن:

خێزانە وشەکانی: خستت، مەخە، دەخات، بیخە، نەخەیت...

نموونەی بنچینەیی: خستن

تۆڕی تیشکدەرەوەیی و کێڵگەی واتاییەکانی لە هێڵکاری(٦)دا خراوەتەڕوو.




هێڵکاری(٦)

هەموو ئەو واتايانەی بۆ چەمكی (خستن) دياريكراون، دەبنە كۆنكرێتكەری تێڕوانينی مرۆڤی كورد لەسەر جيهانی واقيع، ئەمەش دەكەوێتە سەر چۆنێتی پەيبردنمان و بەرجەستەكردنی ئەزمونەكانمان، ئەمەش ئەو ڕاستيە دوپاتدەكاتەوە، كە هەموو ئەو كۆزانيارييانەی هەمانە بە نەرێتیو لەگەڵ لەدايكبوونماندا و بەپێی تەمەن لە زماندا كۆدكراوەو هەر ئەمەش پاساوی ئەو گريمانەيە دەكات، كە وشەكان ياخود خودی زمان ئاڕاستەكارو ڕێبەريكەرو بنياتنەری كردەی پێكهاتنی واتايەو خاڵی بەيەكگەيشتنە بە گەنجو كۆگای زەنگينی كۆزانياری كە پەيوەستن بە چەمكەوە. كردەی هەڵاوێركردنيش ئەم پێكهاتنە بەپێی بۆنەی وتنو هەلومەرجی ئاخاوتنو بارودۆخو دنيابينیو ئەزمونو كۆزانياری ئاخێوەر دياريدەكات، وەك:

١) دەرگاكەت داخستووە.(داخستن)

٢) بيخەرە ئەولاوە.(فڕێدان)

٣) بيخەرە ناوی.(هاويشتن، تێخستن)

٤) قاڵييەكەی ڕاخست.(ڕاخستن)

٥) خستنەخوارەوە.(كەوتن، داراندنەوە)

٦) سەرخستنی كارەكە لە ئەستۆی ئێوەيە.(سەركەوتن)

٧) سەرخستنە سەر منداڵ كارێكی نادروستە.(توڕەنەكردن)

٨) كارمەندە نوێيەكەيان خستەجێی ئەو.(خستنەجێ)

٩) لە پەل‌وپۆی خست .(لەجوڵەخستن، تەواوكردن)

١٠) لەكارخستن.( ئيشنەكردن، لابردن)

١١) بەگەڕخستن.(كارپێكردن)

١٢) خستمە سوچەكەوە.(وێڵكردن)

١٣) منداڵەكەی خست.(زيانپێكەوتن)

١٤) چاوی خستە ناو چاوی.(تێبڕين)

١٥) ئەم ژورە بخەنە سەر هەيوانەكەتان.(پێزيادكردن)

١٦) وێنەكەتيان خستبووە سەر ڕوی گۆڤارەكە.(دانان)

١٧) خانووەكە دەكات، كەرەستەی بۆ خستووە.(ئامادەكردن)

١٨) زەماوەندەكەيان خستە ڕۆژی هەينی.(بڕياردان)

١٩) خستمانە سەر ڕێچكەی خۆی.( گرتنەبەر)

٢٠) وا خستی هەستانەوەی مەحاڵە.( شكاندن، كەوتن)

٢١) سەربخەرە سەر سەرينەكە.

لێرەدا ديارە كە كۆزانياری دانشنامەيی/ئينسيكلۆپيديا لەناو بارودۆخەوە هەڵدەگوازرێتو بابەتێكی بزواوەو بەهۆی نموونەی بنچينەييەوە، كە نواندنی ئاوەزی بەرجەستە دەكات دەتوانين سيمانتيكی پەيكەریو تۆڕی سيمانتيكی، كە دياريكەری چەمكی ناوەكانە بخەينەڕوو، بۆيە ئەم يەكەی فەرهەنگييە خاڵی بەيەكگەيشتنە بە كۆزانياری دانشنامەيی. ئەم بنەمايەش دياريكردنی ئاوەزمەندیو لايەنی هۆشەكیو بيروبۆچوونی ئاخێوەرانی

زمانەکە دیاریدەکات.

٢) ناوی کرداری خواردن:خێزانە وشەکانی: مەخۆ، دەخۆم، ناخۆی، نەیخۆی، بیخۆ

نموونەی بنچینەیی: خواردن(شتێك کە بخورێت)سیمانتیکی پەیکەری لە هێڵکاری(٧)دا دیاریکراوە.




هێڵکاری(٧)

چەمکی ناوی کرداری (خواردن) لە زمانی کوردیدا، وەك لە پەیکەری سیمانتیکیدا دیارە لەمانەدا ڕوندەکرێنەوە:

١. نانەکەت خوارد. (خواردن)
٢. پیاوەکە پارەکەی خوارد. (لفی لێدا)
٣. ماڵی هەتیوەکانی خوارد. (داگیرکردن)
٤. هەرچی لە باوکیەوە بۆی بەجێ مابوو خواردی. (بەبادان)
٥. پێم ناخوا. (پێم ناکەوێت)
٦. خۆتی لێمەخۆرەوە. (لێیمەبورە)
٧. ئەو ژنو پیاوە بەیەك دەخۆن. (پێکەوەهاتن)
٨. دەرمان خواردیان کرد. (دەرخوارددان)
٩. هیچ خواردنێکیان لەماڵەوە نیە. (خواردەمەنی)
١٠. فریوخواردن. (فریودران)
١١. مشورمان بخۆ/ خەممان بخۆ. (هەوڵدان و خەمخۆریی)
١٢. خەفەت مەخۆ. (کەوتنە بەتاو یان تەوژمی شتێکەوە)

١٣. ئەم ڕەنگە بە دیوارەکە دەخوا. (پێکەوتن)

١٤. مەمخۆ. (هەڵمەشاخێ پیامدا)

١٥. ئەوەندە سوێند مەخۆ.

١٦. پێخۆری زۆرە.

١٧. دەرخواردی بدە، بابۆخۆی بڵێ. (شتێك بەزۆر بە کەسێك بکەیت)

١٨. شوێنی بزمارەکە خوراوە. (داخوراوە، ڕزیوە، پواوە)

١٩. نانخۆرو بخۆرمان زۆرە. (کەسانی لێکەوتەن)

٢٠. بەدخۆر.

٢١. ئەمانە هەموو سەرەخۆرەن. (لەناوبەرن)

٢٢. شکست خواردوو.

٢٣. پێم دەخورێت. (بە من دەخورێت)

٢٤. قاچم دەخورێت. (خوراندن، ئالۆشکردن)

٣) ناوی کرداریی خوێندن:

خێزانە وشە: بخوێنە، دەخوێنیت، خوێندوتە، بتخوێندایە، خوێندبویا

نموونەی بنچینەیی: گواستنەوەو گەیاندنی واتایە لە نووسراوێکەوە بۆ مێشكو ئاوەزی مرۆڤ.

سیمانتیکی پەیکەری لە هێڵکاری(٨)دایە.




هێڵکاری(٨)

واتاکانی چەمکی خوێندن بریتین لە:

١. وانەکەت بخوێنە. (کۆششکردن)
٢. کتێب خوێندنەوە. (گواستنەوەی بیرو واتا)
٣. وانە خوێندن. (فێربوون)
٤. لە ڕواڵەتدا خوێندمەوە کە دەیەوێت چی بڵێت. (تێگەیشتن)
٥. لەیەکتری دەخوێنن. (شەڕەقسە)
٦. وەکو بولبول دەخوێنێت. (ئاواز چڕین)
٧. زۆری لێمەخوێنە، با سەری لێنەشێوێت. (زۆری لەسەر مەڵێ)
٨. ناوەکەت خوێنرایەوە برۆ. (بانگکردن)
٩. هیچی لێناخوێنرێتەوە. (هیچی لێهەڵناکڕێنرێت)
١٠. نوێژ خوێندن.

٤) ناوی کرداری گەیشتن

خێزانە وشە: گەیشتی، دەگەم، گەیین، دەگات، بگەیەنە، بمانگەیاندایە.

هێڵکار(٩) سیمانتیکی پەیکەری (گەیشتن) ڕوندەکاتەوە.




هێڵکاری(٩)

نموونەی بنچینەیی: گەیشتن بۆ شوێنێك و دامەزراندنە تێیدا.

چەمکی گەیشتن خۆی لەم واتایانەدا دەبینێتەوە:

١. منداڵەکە بە دایکی گەیشت. (بەیەکگەیشتنەوە)
٢. میوەکان پێگەیون. (پێگەیشتن)
٣. کچەکان پێگەیون. (گەورەبوون)
٤. لە کۆتاییدا هەر پێیگەیشتم. (دەستمکەوت)
٥. دەستی دەگاتە دەرگاکە. (ئەندازەبوون)
٦. لەگەڵ گەیشتنی فڕۆکەکە ئێمە دەرچووین. (هاتن)
٧. نەگەیشتم بچمە بازاڕ. (نەمتوانی)
٨. گەیشتنەیەك. (کەوتنەیەك و بەیەکگەیشتن)
٩. لە چیرۆکەکەدا گەیشتینە کوێ؟ (درێژەداربوون)
١٠. سڵاوو ڕێزمان بگەیەنە.
١١. پێڕاگەیشتن.

٥) ناوی کرداری ڕۆیشتن:

خێزانی وشە: ڕۆیشتی، دەڕۆی، ڕۆی، بڕۆشتایە، مەڕۆ، ڕۆیوە، نەڕۆیشتن، ڕۆیشتووە

سیمانتیکی پەیکەری لە هێڵکاری(١٠)دا دەستنیشانکراوە.




هێڵکاری (١٠)

نموونەی بنچینەیی: دورکەوتنەوە لە جێگەی دیاریکراو.

١. دەڕۆینەوە بۆ ماڵ. (ڕۆیشتن)

٢. تا سەر کۆڵانەکە ڕۆیی و دورناکەوێتەوە. (پێوانەکردنی ڕێگا)

٣. کوڕەکە ڕۆیشتۆتەوە سەر باوکی. (چوونەوەسەر)

٤. ڕۆچۆتە ناو بابەتەکەوە. (قوڵبوونەوە)

٥. وەکو با دەڕوات. (بزوتن، جوڵاندن)

٦. ڕۆیی بە مست لێیدا دەستم گرت. (بەنیازبوون، ویستن)

٧. ماڵەکەی ڕۆیی. (لەدەستدان، لەکیس چوون)

٨. ئەم هاتن و ڕۆیشتنەت لە چیە. (هاتوچۆ)

٦) ناوی کرداری هێنان:

خێزانە وشە: هێنامان، بتهێنایە، مەیهێنە، دەرتهێنا، هێنابووتان.

هێڵکاری(١١) سیمانتیکی پەیکەرییەکەی تێدا تۆمارکراوە.




هێڵکاری(١١)

واتاکانی چەمکی هێنان لە زمانی کوردیدا لێرەدا کۆنکرێت دەکەین:

١. نامەکەم هێنا. (هێنان)

٢. لە چاویشتا بێت دەریدەهێنم. (لێسەندن)

٣. نهێنیەکەی لێدەربهێنە. (پێیبدرکێنە)

٤. له گیرفانیدا دەریهێنا. (دەرهێنان)

٥. فیلمەکەیان دەرهێنا. (بەئەنجامگەیەنراوە)

٦. ژنەکەی هێنا. (هاوسەرگیری)

٧. هێنایەوە مایە. (بەدەستهێنان)

٨. پلەی یەکەمم بەدەستهێنا. (وەرگرتن، دەستکەوتن)

٩. هێنامە ئاستی خۆی.

١٠. ئەم هەموو هێنان و بردنەی لەچیە.

## ٤/٢) درککردنی ناوی کرداریی لە زمانی فارسیدا:

١) ناوی کرداری انداختن

خێزانە وشەکانی: انداختی، می اندازی، بیانداز، انداخت، نینداختن...

تۆڕی تیشکدەرەوەیی و کێڵگەی واتایی، بە واتا سیماتیکی پەیکەری لە هێڵکاری(١٢)دا پەسنکراوە.

نموونەی بنچینەیی: انداخت




هێڵکاری(١٢)

بۆ ڕونکردنەوەی ئەم چەمکانە بڕوانە:

١. لیوان را انداخت.(داخستن)

٢. تیر انداختن.(هاویشتن)

٣. قالی را انداخت.(ڕاخستن)

٤. با پایش سماور را انداخت.(سەرنخوونکردن)

٥. شیشەی پنجره را انداخت.(خستنەجێ)

٦. از نان خوردن انداخت.( بێبەشکردن)

٧. از گردش انداختن.(لە گەڕان کەوتن)

٨. از قلم انداختن.( لەبیرکردن، لابردن)

٩. گیر انداختن.( بەگیرهێنان)

١٠. از سروصدا انداختن.( لەدەنگخستن)

١١. در گوشەای انداختن.(وێڵکردن)

١٢. بچە را انداخت.(زیانلێکەوتن)

١٣. خرتوپرتها را دور انداختیم.(فرێدان)

١٤. نگاهش را انداختەبود توی صورتم.(تێبڕین، چاوتێبڕین)

١٥. عروسی را انداختند شب جمعە.(دیاریکردن)

١٦. نور چراغ را انداخت توی چشمش.(شەوق خستنە جێگەیەك)

١٧. باید این اتاق را هم بیندازیم سر سالن.(دانەدەم، پێزیادکردن)

١٨. عکس را انداختەبودند روی جلد مجلە.(گرتن، دانان)

١٩. کارش شدە بە دام انداختن مشتری.(فریودان، خستنەداو)

٢٠. سرکە انداختن.(گرتنەوە، نانەوە)

٢١. عروسی را انداختند شب جمعە.(دانان)

٢٢. راست انداختیم توی اوتوبان.(گرتنەبەر)

٢٣. کار را بە تاخیر انداخت. (بەدواخستن)

٢٤. می درساغر انداختن. (تێکردن)

٢) ناوی کرداری خوردن

خێزانە وشە: خوردی، می خوری، بخور، خوردەبود، خوردەاست، می خورم، خورد..

سیمانتیکی پەیکەری(خوردن) لە هێڵکاری(١٣)دا دەستنیشانکراوە.




هێڵکاری(١٣)

واتاكانی چەمكی (خوردن) لە زمانی فارسیدا

١. نان خوردن. (خواردن)
٢. اب خوردن. (خواردنەوە)
٣. كلاغ صابون راخورد. (قووتدان)
٤. مال كسی راخوردن. (داگیركردن،ماڵخواردن)
٥. هرچه از پدرش مانده بود خورد. (بەبادان)
٦. فرو خوردن. (فریودان، ڕانەگرتنو دەرنەبڕین)
٧. لباس پشمی تنم رامی خورد. (ئاڵۆشهێنان، هێنانەخوروو)
٨. عرق دستش پشت ساعت راخورده بود. (لێنەخواردنەوە، كونكردن، خۆخواردنەوە، لێخوران)
٩. خودش هم نفهمید ازكجا خورده است. (هەڵشاخان پێدا)
١٠. خیال می كنی من از تو می خورم. (چۆكدادان)
١١. گلوله خوردن. (كەوتن)
١٢. اتو خوردن. (كەوتنە بەر تاوی شتێكەوە، دەقبەستن، دەقپێوەگرتوو)
١٣. این رنگ به دیوار می خوارد. (پێكەوتن)
١٤. عروسیمان خورد به موشكباران. (هاوكاتبوون)
١٥. این خیابان می خورد به میدان مركزی. (بەجێگەیشتن/ درێژەداربوون)
١٦. توی خانه هیچ خوردنی نداریم. (خواردەمەنی)
١٧. این پول به اندازەی خوردو خوراك یك نفر هم نیست. (پێخۆر)
١٨. به زحمت توانستم شربت را به او بخورانم. (دەرخوارددان)

٣) ناوی كرداری خواندن

خێزانە وشە: خواندی، می خوانی، بخوان، خواندن، می خوانیم، نمی خواند...

بۆ سیمانتیكی پەیكەری بڕوانە(١٤)




هێڵكاری(١٤)

چەمکی خواندن لە زمانی فارسیدا

١. کتاب خواندن. (خوێندن)

٢. نامە را برای ماهم بخوان. (خوێندنەوە)

٣. آواز خواندن. (ئاواز چڕین)

٤. آزاد هنر می خواند. (فێربوون)

٥. بە مهمانی خواندن. (بانگهێشتکردن)

٦. شهری کە مریوانش می خوانیم. (پێگوتن)

٧. کسی خطش را نمی خواند. (فەرمانبردن)

٨. بە ماە همی خواندن. (چواندن)

٩. از قیافەاش خواندم کە می خواهد چیزی بگوید. (تێگەیشتن)

١٠. این رنگها با هم نمی خوانند. (بەیەکخواردن، گونجان)

٤) ناوی کرداری رسیدن:

خێزانە وشە: رسیدی، می رسی، برس، رسیدگی، رسیدن، نرسیدم...

سیمانتیکی پەیکەری لە (١٥)دا پەسنکراوە.




هێلکاری(١٥)

چەمکی رسیدن لە زمانی فارسیدا

١. بچەها در سن رسیدگی بودند. (پێگەیشتوون)
٢. باید بە حادث دیدگان رسیدگی کرد. (پێگەیشتن، پێڕاگەیشتن)
٣. رسیدگی بە شکایت مردم. (لێپرسینەوە)
٤. بە خانە رسیدن. (ڕۆیشتن و گەیشتن)
٥. رسیدن میوە. (گەیین)
٦. قدش بە دو متر می رسید. (ئەندازەبوون)
٧. رسیدن بهار. (هاتن)
٨. نرسیدم بە سلمانی بروم. (پەرژان، دەرفەت هەبوون)
٩. بە مقامی رسیدن. (دەستکەوت)
١٠. بە درختها رسیدن. (پێڕاگەیشتن)
١١. بە هم رسیدن. (بەیەکگەیشتن)
١٢. قصە بە آنجا رسید کە... (درێژەدان)
١٣. دختر رسیدە. (باڵغبوون)

٥) ناوی کرداری رفتن:

خێزانە وشە: رفتی، می روی، بُرُوُ، رفتە بود، رفتە، رفتن،...

سیمانتیکی پەیکەری لە هێڵکاری(١٦)دایە.




هێڵکاری(١٦)

چەمکی رفتن لە زمانی فارسیدا

١. به خانه رفتن. (ڕۆیشتن)
٢. تا سر کوچه رفت. (پێوانەکردنی ڕێگە)
٣. رفته بود عروسی. (ئامادەبوون)
٤. بجه به عمویش رفته. (وەکیەکبوون)
٥. از هوس رفتن. (بوورانەوە)
٦. مثل باد رفتن. (بزوتن)
٧. نمی دانی بر ماچەها گزشت. (بەسەرداهاتن)
٨. رفت بامشت او را بزند که دستش را گرفتم. (ویستن)
٩. برق رفت. (لەگەڕکەوتن)
١٠. خانه رفت. (لەدەستدان)
١١. در رفتن. (دەرچوون)
١٢. رفتنی در را ببند. (کاتی ڕۆیشتن)
١٣. در داخل ظرف کوچکی رفت وآمد. (هاتوچۆ)
١٤. دو تا مینی بوس به آن جا رفت وآمد دارد. (جێبەجێبوونی خەڵك)
١٥. مدتی با او رفت وآمد داشتیم. (ئامشۆ ڕەفت/ پەیوەندی)
١٦. روزهای جمعه مشغول رفت و روب خانه می شد. (ڕامالّین و گسکدان، پاککردنەوە)
١٧. رفته رفته همەی کارها را به دست گرفت. (ورده ورده)

لەم نموونانەوە ڕوندەبێتەوە، کە لە گەشەسەندنی مێژویی زمانە ئێرانییەکاندا(کوردییوفارسیی)، ژمارەیەکی زۆر لە وشەکانی زمانی ڕەگی هەردوو زمانەکە وەك میراتو بۆماوەلەهەردوو زمانەکە وەك وشەی هاوبەش، بە گۆڕینی کەمەکیی یان هەمەکییەوەلە فەرهەنگی زمانەکاندا ماونەتەوەو بوونی هاوبەشیش ماناى لێکنزیکبوونەوەو پەیوەندیگرتنوگەیاندنی بیرەو لەهەمانکاتیشدا چوونیەکی دنیابینیو پەیبردنو درککردنیان بۆ واقیع دەستنیشاندەکات، وەك چۆن بوونی جیاوازیش سەلمێنەری گەشەکردنو نەشونمای زمانەکان دیاریدەخات.

## ئەنجام

١- زمان بەگشتیو یەکە زمانییەکان (گەنجی وشە) بە بنیاتنەرو خولقێنەری ئەو واتایەی لە ئەنجامی هەڵاوێرکردنو بەپێی زانیاریو ئەزمونو بارودۆخەوە هەڵدەگوازرێت دادەنرێت.

٢- ئاوەزمەندیی (بیروبۆچوون، پەیبردن، هەست، دنیابینی، زانیاری، ئەزمون، پێشخانی زانیاری، درککردن، تێگەیشتن، بیرکردنەوە...تاد)، هەر زمانێك بە نەرێتی لە زماندا کۆدکراوە، لەبەرئەوە بۆ دیاریکردنی واتای گەنجی وشەیەك، دەبێت ڕستێك لە کردەی چەمکیو بەگەڕخستنی پێشخانی کۆزانیاری لەلایەن ئاوەزەوە ڕەچاوبکرێت.

٣- هاوبەشی کرۆکەواتاو (نموونەیی بنچینەیی) نێوان زمانی کوردییوفارسی، هاوبەشی کلتوریو دنیابینیو نزیکایەتی نێوانیان دیاریدەکاتو دانشنامەیی واتایی، کە ڕوکارێکی گۆڕاوی هەیە، هاوبەشی درککردنی ئاخێوەرانی ئەم زمانانەبەرجەستەدەکات.

٤- هاوبەشی وشەو چەمکەکانی زمانی (کوردیو فارسی)، مانای لێکنزیکبوونەوەو پەیوەندیگرتنو گەیاندنی بیرەو لەهەمانکاتیشدا چوونیەکی دنیابینیو پەیبردنو درککردنیان بۆ واقیع دەستنیشاندەکات، گەشەکردنی هەریەکەشیان، لەگەڵیدا پەرەسەندنو فراوانبونی بەردەوامی گەنجی وشەی فەرهەنگی زمانەکانیش بەردەوام بووەو لێرەوە ئەمە ئاماژەیە بە جیاوازی تێڕامانو بیرکردنەوەیان لە ژیانو مرۆڤ و دەوروبەرو، وەك چۆن بوونی جیاوازیش سەلمێنەری گەشەکردنو نەشونمای زمانەکان دیاریدەکات، خودی جیاوازیو جیاکاریش ئاماژە بەو پەرەپێدانو گەشەسەندنەی زمانەکان دەدەن.

## پەراوێزەکان

1- Nick. C. Ellis ( 1999:33 )

٢- موسى رشيد حتامله (١٤٢٧: ٨٥).

٣- محەمەدی مەحویی (٢٠٠٦: ٦٥-٦٤).

4- Peter Gärden for ( 2001 :3).

* کۆزانیاری: مەبەست پێی توانستی بیرکردنەوەی ئەو چشتانەیە، کە پێشتر فێریان بووین. توانای بە بیردا هاتنەوەی چشتەکانە لە کاتی پێویستدا بۆ سەر لە نوێ بەکارهێنانەوەی لەو شوێنەدا کە دەگونجێت. بڕوانە شیلان عومەر حسێن(٢٠١٢: ١١١).

٥- محەمەدی مەحویی (٢٠٠٦: ٧٢).

٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو (٢٠٠٦: ٦٥).

٧- کاروان عمر قادر (٢٠١٢: ٧٨).

* زانیاری: ئەو کەرەستەو داتاو ناووهێماو کۆدو چەندێتیو چۆنێتیو سەرنجو ڕامانو تێبینیوپرسو تێڕوانینانەیە، کە دواجار دەبنە بونیاتی زانینو زانینیان پێگەردانده‌کرێت. بڕوانە شیلان عومەر حسێن(٢٠١٢: ١١١).

8- Nick Lund (2003:26).
9- Vyvyan Evans (2013 :2).
10- Disciullo & Williams (1987:35).
11- Crystal (2003:265-266).
12- Koenvaad & Allan (1996:130).

* زاراوەی نادارِشتەیی (non-compositionality): بریتیە لەو وشانەی کە واتاکانیان لە دانەدانەی یەکە پێکهێنەرەکانیانەوە بەدەستناخرێن، بەواتا ئەژمارکردنی واتای پیتی وشە ناکاتە سەرجەم واتاکەی بەگشتی.

13- Vyvyan Evans ( 2013 :1).
14- Lewis (1970:19).

* ئەم تیۆرە شاناوێکە بۆ کۆمەڵە تیۆرێکی تری، وەك:

تیۆری سیمانتیکی ڕستە، ناوەڕۆك، تیۆری ئاماژەبەندی، بوونناسی (ontology)

١٥- کاروان عمر قادر (٢٠١٢: ٩٩).

١٦- محەمەدی مەحویی (٢٠٠٦: ١٢).

17- Grice (1989: 86-96).

* دروستەی کۆزانیاری (Knowledge Structure) لای Filmor بۆتە پەیکەری سیمانتیکی Frame Semantic لە زانستی زمانی درککردندا.

18- Vyvyan Evans (2013 :12).
19- Vyvyan Evans, B. K. P. Zinke (2013:5).

٢٠- بڕوانە: أ– Vyvyan Evans, B. K. P. Zinke (2013:7-14)

ب– کاروان عمر قادر (٢٠١٢: ٨٢-٧٩).

٢١- نەریمان احمد ابوبکر (٢٠١٥: ٤٥ )

٢٢- شیلان عمر حسین (٢٠١٢: ١٤٢).

٢٣- کاروان عمر قادر (٢٠١٢: ٨٥).

24- Cristiano Broccias (2012:76).

٢٥- کاروان عمر قادر (٢٠١٢: ٩٤).

٢٦- نەریمان احمد ابوبکر (٢٠١٥: ٥٨ )

٢٧- هەمان سەرچاوە.

28- R. Osswal & V. Valin (2013:6).

29- www.wikipedia.com

٣٠- محەمەدی مەحویی (٢٠٠٩: ٣٨٣٧).

٣١- محەمەدی مەحویی (٢٠١٠: ١٤٥).

٣٢- ماجد مردوخ روحانی (٢٠٠٧: ٢٥٤، ٩٩٩، ١٠١٩، ١٢٢٣، ١٢٢٧).

٣٣- محەمەدی مەحویی(٢٠٠٩: ١٤٧).

## سەرچاوەکان


**یەکەم: بە زمانی کوردی**

١. محەمەدی مەحویی، ئاوەزداری و ڕێزمانی ناوەڕۆك – وابەستە، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٢. شیلان عمر حسین، زمانی دایك سەرچاوەیەك بۆ بنیاتنانی کەسێتی، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٥.

٣. شیلان عمر حسین، پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیك لە ڕێزمانی کوردیدا، سلێمانی، ٢٠١٢.

٤. محەمەدی مەحویی، زانستی هێما، هێما، واتاو واتا لێکدانەوە، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٩.

٥. ماجد مردوخ روحانی، فرهنگی فارسی – کُردی، دانشگاه کردستان، ٢٠٠٧.

٦. نەریمان احمد ابوبکر، دروستەی سیمانتیکیی لە زمانی کوردیدا، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٥.

٧. محەمەدی مەحویی، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، مۆرفۆلۆژیی کوردی، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٠.

٨. کاروان عمر قادر، سیستەمی درکپێکردن وەك بنەمایەکی ڕێزمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ژمارە(٣٤)، ٢٠١٢.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی**

١. موسى رشيد حتاملة، نظريات اكتساب اللغة الثانية وتطبيقاتها التربوية، كلية الدراسات، دبي، مجلة مجمع اللغة العربية الاردني، الرقم (٧٠)، ١٤٢٧ هجري.

سێهەم: بە زمانی ئینگلیزی


1. Nick C. Ellis,1999, An Introduction to Cl, Second Language and Language Instruction.
2. Peter Gärden for, Cognitive Semantics and Image Schemas with forces.
3. Vyvyan Evans,2013 Towards a cognitive compositional semantics: An overview of LCCM Theory. University of Sussex, UK.
4. Plato, Stanford Encyclopedia of Philosophy word Meaning.
5. Nick Lund, Language and Thought.
6. O. Crystal, A Dictionary Linguistics & Phonetics, Blackwell, Fifth Edition, Oxford, 2003.
7. Koenvaad & Allan, W, Scott, An Introduction to English Language, Macmillan press, London, 1996.
8. Grice. P, U Here’s Meaning and Intentions, 1989.
9. D. Lewis, General Semantics, 1970.
10. Vyvyan Evans & Benjamin. K & J. Zinken, The Cognitive Linguistics Enterprise: an overview, 2013.
11. Cristiano Broccias, Cognitive Lexical Semantics, 2012.
12. Miriam R. L. Petruck, Frame Semantics. University of California.



الخلاصة

موضوع اللغة عموما والكلمة خصوصا، يعتبر عملية معقدة، واسعة ومبهمة وفعالة، بحيث هذة السمات تجعلها موضوعاً ومحتوى تتعامل معها تخصصات أخرى مثل علم النفس وعلم الاجتماع وعلم الإنسان، والفلسفة، وعلم الطب وغيرها، لتكشف عن غموضها، وتقييد في سعتها وتبسط من تعقيداتها. وقد أقدم العلماء والباحثون في المجالات اللغوية والمجالات الأخرى على حدٍ سواء، على تقديم نظريات وفرضيات ومناهج مختلفة لوصف وتحليل مشاكل اللغة، لكي يتمكنوا من وصف مفهوم الكلمة ومن خلالها التطرق إلى اللغة وتأثيراتها على العلوم الأخرى.

ويمكننا الإستنتاج بأن:

١. اللغة والمكونات اللغوية (المفردات) بشكل عام تعتبر مكون ومنتج للمعنى كنتيجة لإختيارات وإشتقاقات على المعلومات والخبرات والسياق.

٢. الادراك في كل اللغة، وهي (راي، ادراك و الملاحظة، الشعور، وجهة النظر، المعلومات والخبرات، والفهم، والتفكير، وما إلى ذلك) سوف يتم تشفيرها بشكل تقليدي في اللغة. لذلك، من أجل تحديد معنى المفردات، هناك مجموعة من الأنشطة النظرية والعملية خلفية المعرفة ينبغي أن تؤخذ في الاعتبار من قبل العقل. فى هذة العملية.

٣- المشاركة في المعنى المحتوى و المثال التأسيسي بين اللغتين الكوردية والفارسية، وتشير المشاركة في الثقافة ووجهة النظرة إلى العالم، والتقارب.و فى الدلالات الموسوعية، حصلت على مظهر للتغيير، تجسد فى المعرفة بين المتحدثين باللغتين الكوردية والفارسية.

# ABSTRACT

Language, and word constituent especially, is a complex, wide and somehow mysteries topic, in a way that dealt with by other disciplines than linguistics, such as psychology, sociology, anthropology, philosophy, biology, etc., to disclose its vagueness, restrict its wideness and simplify its complexity. They afforded different hypotheses and approaches to describe word and language. We can Conclusion it to:

1- Language in general and linguistic constituents (vocabulary) considered to be the producer and composer of the meaning that will be derived as a result of conjugation according to information, experience and context.

2- Mentalness of any language (that is opinion, perception, feeling, world view, information, experience, information background, cognition, understanding, thinking, etc.) will be traditionally encoded in language. So, in order to specify meaning of a vocabulary a set of conceptual activities and knowledge background operation should be taken in the consideration by the mind.

3- the association of content meaning and foundational example between Kurdish and Persian languages indicate association in culture, world view, and closeness. The encyclopedic semantics that has got a changeable appearance will embody the cognitive association between speakers of both Kurdish and Persian languages.